# یاسای
# سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
## هەموارکراو لەگەڵ هەندێک یاسا و بڕیار پەیوەست بەو بابەتە

ئامادەکردنی
**دادوەر / عەونی بەزاز**
ئەندامی پەرلەمانی کوردستان

ناوی کتێب:

یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق هەموارکراو لەگەڵ هەندێك یاسا و بڕیار پەیوەست بەو بابەتە.

ئامادەکردنی:

دادوەر/ عەونی بەزاز/ ئەندامی دادگای تەمییزی هەرێمی کوردستان – عێراق (پێشو) / ئەندامی پەرلەمانی کوردستان/ جێگری سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمان.

تایپ و دیزاین:

کارزان حسن سلێمان

چاپی یەکەم: ٢٠١٣

تیراژ: ٥٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی ٥١٦ی ساڵی ٢٠١٣ی دراوەتێ

www.perleman.org
yasa@perleman.org

# دەستپێك

دەبێ ئاماژە بە هەموو ئەو یاساو بڕیارو پێڕەوو ڕێنماییانە بکەین کە لە دەسەڵاتی ناوەندیەوە دەرکراون ، کە ئەوانە بوون لە هەرێمی کوردستان–عێراق پیادە دەکران و تاوەکو ئێستاش بەشی زۆریان بەرکارن. بەڵام دوای کێشانەوەی ئیدارەی دەزگاکانی حکومەتی ناوەندی لە هەرێمداو وازهێنانی لە ئیدارەی هەرێم لە ١٩٩١/١٠/٢٣، بۆشاییەکی ئیداری و یاسایی گەورەو کەلێنێك لە یاسادانان و دەسەڵاتدا هاتە گۆڕێ کە هەرێم مافی خۆی بوو، یاساو بڕیار دەربکات تا ڕۆژی ١٩٩٢/٥/١٩ کە ئەوە بوو لەو ڕۆژەدا هەڵبژاردنی گشتی لە هەرێمدا ئەنجامدراو پەرلەمانی کوردستان–عێراق هەڵبژێردرا ، بە هەڵبژاردنیشی یەکەم دانیشتنی خۆی لە ڕۆژی ١٩٩٢/٦/٤دا سازدا. و ژمارەیەکی زۆر لە یاساو بڕیارو پێڕەوو ڕێنمایی دەرکرد لەوانەش بڕیاری ژمارە (١١) لە ڕێکەوتی (١٩٩٢/٨/٣١) کە فەرمانی بە پابەندکردنی هەموو وەزارەت و دەستەکانی هەرێمی کوردستان کرد کە پەیوەندیان بە وەزارەتێکەوە نییە، دیراسەتی یاساو بڕیار و پێڕەو و ڕێنماییەکانی لە دەسەڵاتی ناوەندییەوە دەرکراون، بکەن، ودەستنیشانی ئەوانەیان بکەن کە لەگەڵ بەرژەوەندی گەلی کوردستان ناگونجێ و بیخەنە بەردەم پەرلەمان بۆ ئەوەی سەیری ئەوە بکات کە ئایا پیادەکردنی لەناو هەرێمدا ڕەوایە یان نا، هەروەها لە دەقی بڕگەی دووەمی بڕیاری ئاماژە بۆکراودا هاتووە، کار بە حوکمی یاسا و بڕیار و پێڕەو و ڕێنماییەکان کە لە ئایندەدا لە دەسەڵاتەکانی حکومەتی ناوەندییەوە دوای کشانەوەی ئیدارەکانی حکومەت لە هەرێمی کوردستان–عێراق لە (١٩٩١/١٠/٢٣) ناکرێت تاوەکو لەلایەن پەرلەمانی کوردستان–عێراق دان بە ڕەوایی پیادەکردنی لە هەرێمدا نەنرێت. بڕیاری ئاماژە بۆکراو لە ژمارەی دووەمی ڕۆژنامەی پەرلەمان بۆ مانگی تشرینی

یەکەمی ١٩٩٢ بلاوکرایەوە و بە دەرکردنی یاسا و بڕیار و پێڕەو و ڕێنماییەکانی پەرلەمانی کوردستان، وایلێهات ئەو بڕیارانەی کە لە پەرلەمانەوە دەردەچێت هەر ئەو بڕیارانە بەرکارن لە هەرێمدا و کار بەهیچ یاساو ئەو بڕیارانەی لە دەسەلاتی ناوەندییەوە دەردەکرێن،ناکرێت ، دوای (١٩٩١/١٠/٢٣) تەنیا دوای دانانان بە ڕەوایی پیادەکردنی لەلایەن پەرلەمانی کوردستان–عێراق نەبێ. هەروەها کار بەو بڕیارانەش ناکرێت کە پەرلەمان لە کاری خستون، و پەرلەمانی کوردستان یاساو بڕیاری دیکەشی دەرکردووە، کە پێیەوە کارکردن بە حوکم و یاساکانی بە تەواوەتی یان بەشێکی ڕاگرتووە.

ئەگەر ئەو حوکمانە لەگەڵ بەرژەوەندی گەلی کوردستان–عێراق نەگونجێت یان لەگەڵ پرەنسیپەکانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ، و ڕێنوێنیەکانی گشتی هەرێم و فەلسەفەی حوکمی هەرێمدا یەکنەگرێتەوە و بە دانانی دەستووری هەمیشەیی عێراق کە پتر ٨٠٪ی گەلی عێراق دەنگیان بۆ داوە، ناکۆك بێت.

دەستووری عێراق لە مادده (١١٧/یەکەم)دا دانی بە هەرێمی کوردستان و دەسەلاتەکەیدا ناوە وەکو هەرێمێکی فیدراڵی هەروەها لە دەقی مادده (١٤١)دا هاتووە بەبەردەوامی کار بە یاساکانی لە هەرێمی کوردستان هەر لە ساڵی (١٩٩٢)وە دەرکراون دەکرێت، و بەو بڕیارانە دادەنرێت کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان دەرکراون، لەوانەش بڕیاری دادگاکان و گرێبەستەکانی بەرکارن، ئەگەر بە پێی یاساکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن لایەنێکی تایبەتمەندەوە هەموارنەکرابن یان هەڵنەوەشێنرابنەوە، یان پێچەوانەی ئەم دەستوورە نەبن.

هەروەها لـە دەقی مادده (١٢١) لـە دەستووری فیدراڵیدا هاتووە:

یەکەم: بەپێی حوکمەکانی ئەو دەستوورەو بەدەر لەو تایبەتمەندییـە چـڕکراوانەی بۆ دەسەڵاتەکانی فیدراڵ هاتووە، دەسەڵاتەکانی هەرێم مافی بەجێگەیانـدنی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و ڕاپەڕاندن و دادوەریان هەیە.

دووەم: لـە حاڵـەتی بوونی ناکۆکی و ڕێکنەکـەوتن لــە نێـوان یاسـای فیـدراڵی و یاســای هــەرێم تایبــەت بــە مەســەلـەیەك نەکەوێتــە ژێــر تایبەتمەندییــە چڕکراوەکانی دەسەڵاتی فیدراڵییەوە، دەسەڵاتی هەرێم مافی هەموارکردنی پیادەکردنی یاسای فیدراڵیان لـە هەرێمدا هەیە. هەروەها وەکـو لــە دەقـی مادده (١١٥)ی دەستووردا هاتووە: (هەرشتێك لـەدەقی ئـەو تایبەتمەندییـە چڕکراوانەی دەسەڵاتی فیدراڵیەوە نەهاتبێت، دەبێتە دەسەڵاتی هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی ڕێکنەخراون لـە هەرێمدا ، ئەگەر ناکۆکی هەبوو لــەو دەسەڵاتانەی دیکەی هاوبەش لـە نێوان حکومەتی فیـدراڵی و هەرێمـەکان ئەو کاتە یاساکانی هەرێم و ئەو پارێزگایانـەی ڕێکنـەخراون لــە هەرێمـدا بەرایی وەردەگرن).

بە پێی حوکمەکانی ئەو ماددانەی لـە دەستووری عێراقیدا هاتووەو لــە پێنـاو ئەو مافانەی تێیدا جێگیرکراون، پەرلـەمانی کوردسـتان هەسـتا بـە هـەموارکردنی پیادەکردنی هەندێك لـە یاساکانی ناوەندی لـە هەرێمدا و دەرکردنی چەند یاسـا و ئیدی لـەپێناوی بڵاوکردنەوەی مەعریفەتی یاسایی و ناساندنی ئەو یاسـایانەش کـە ئێـستا بـەرکارن و لــە پەرلــەمانی کوردسـتانەوە دەرچـوێندراون ، لــە پێنـاوی چەسپاندن و پتەوکردنی سەروەریی یاسا و ، بۆ ئاسانکردنی کاروباری دەسەڵات و فەرمانگە و دامودەزگاکانی هەرێم ، بە باشم زانی یاسـای سـەرۆکایەتی هـەرێمی کوردستان ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو و ئەو یاسا و بڕیارانەی کە لـەم بابەتـە دەرچـوون و هـەروەها چـەند یاسـاو بڕیـاری تـر کـە پەیوەسـتن بـە

سەرۆکایەتی هەرێم لەناو نامیلکەیەکدا ئامادە بکەم. وە هەندێك یاساو بڕیاری پەیوەست پێیان و لە ناو یاسا ئەسڵییەکە ئاماژە بکەم بە هەموارکردن و زیادکردنی چەند ماددە و بڕگەی یاساکە بە مەبەستی دەوڵەمەندکردن و گەشەپێدانی زیاتر لە پێناو پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی شارەزایی یاسایی دەربارەی یاسا بەرکارەکان و دەربارەی ئەو یاسایانەش کە پەرلەمانی کوردستان دایناون، بلاوببێتەوە ، و بخرێتە بەردەستی هەمووان، کە پێویستیان بە زانینی ئەو حوکمە یاساییانە هەیە و لە پەرلەمانی کوردستان–عێراقەوە دەرچوونە ، هەروەها ئاتاجیان بە زانینی ئەو یاسایانەش هەیە کە لە هەرێمدا بەرکارن، ئەمەش لەو پێناوەدایە کە خزمەت بە رەوتی یاسایی بکرێت و، کتێبخانەی یاسایی کوردستان دەوڵەمەند بکرێت و، خەڵك بەئاسانی داوایان بکەن و سوودیان لێوەربگرن، بە جۆرێك کە پێوەی ماندوو نەبن و، بە دۆزینەوەی مەتن و، هەموارکراو و، هەڵوەشاندنەوەکانی کە بەسەریاندادێت کات بەفیرۆنەچێ. لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە بەپێی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٩، یاسای هەموارکردنی چوارەمی یاسای پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ ناوی (پەرلەمانی کوردستان–عێراق) شوێنی ناوی (ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستان–عێراق) دەگرێتەوە کە لە یاساکەدا هاتووە و لە هەموو یاسا کارپێکراوەکان لە هەرێمدا.

**عەونی بەزاز**

**ئەندامی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**جێگری سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمان**

نەورۆزی / ٢٧١٣ی کوردی

ئادار/ ٢٠١٣ی زایینی

# یاسای
# سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
## ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ هەموارکراو

**تێبینی:**

**لە ناوەرۆکی یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ ئاماژە بە هەموارکردنەکانی یاساکە کراوە هەتا مێژووی ئامادەکردنی ئەم نامیلکەیە و هەروەها ناوەڕۆکی هەردوو هەموارکردنی یەکەم و دووەم بە جیاوازی بلاّوکراوەتەوە.**

## یاسای ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٥ هەمواركراو (*)
## یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق

### دیباجە

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بە ناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق**

**ژمارەی دەرکردە: ١**

**رۆژی دەرکردە: ٢٠٠٥/٦/٨**

پشت بە حوکمی برِگە (١)ی ماددەی (٥٦)وماددەی(٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراوو، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان–عیراق و، ئەو پرۆژە یاسایەش کە پەرلەمان لە دانیشتنی ژمارە(٣)ی رۆژی (٢٠٠٥/٦/٧)دا دەنگی پێداوەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە بە برِگە(٣)ی ماددەی (٢)ی یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧پێماندراوە، بریاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

(*) ئەم یاسایە لە رۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان ژمارە (٥٥) لە ٢٠٠٥/٧/١٠ بلاْوکراوەتەوە لە مێژووی دەرچوونیەوە لە بەرواری ٢٠٠٥/٦/٧ بەجێبەجێکراو دانراوە.

## یاسای ژمارە( ١ )ی ساڵی/٢٠٠٥
## یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق
## بەشی یەکەم
## حوکمە گشتییەکان

**مادەی یەکەم [١]:**

١– هەرێمی کوردستان–عێراق سەرۆکێکی دەبێت پێی دەوترێت سەرۆکی هەرێمی کوردستان وخۆی سەرۆکی باڵای دەسەڵاتی جێبەجێ کردن و فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستانە.

٢– سەرۆکی هەرێم جێگرێکی دەبێت هاوکاری دەکات لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی و لەکاتی ئامادەنەبوونی دا جێگەی ئەو دەگرێتەوە و هەرخۆشی جێگری فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەیە.

٣– سەرۆکی هەرێم هەندێك لە ئەرك و دەسەڵاتەکانی خۆی بەجێگرەکەی خۆی دەدات.

**ماددەی دووەم:**

هاووڵاتیانی کوردستان–عیراق، بە دەنگدانێکی گشتی و نهێنی و ڕاستەوخۆ، سەرۆکێ بۆ هەرێم هەڵدەبژێرن کە لەسەر ئاستی ناوخۆو ئاستی دەرەوەش نوێنەرایەتییان دەکا و، بە ناویانەوە دەدوێت و، هەماهەنگی لە نێوان دەسەڵاتە فیدرالیەکان و دەسەڵاتەکانی هەرێمدا دەکات.

---

(١) هەموارکرا بە ماددەی یەکەمی یاسای ژمارە (٢) ساڵی ٢٠٠٦ یاسای هەمواراکردنی یەکەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٥ وە لە ڕۆژنامەی پەرلەمان ژمارە (٨٣) لە ٢٠٠٧/١/٣٠بلاوکراوەتەوە وە ماددەکە پێش هەمواراکردنی بەم شێوەیە بوو: هەرێمی کوردستان – عیراق سەرۆکێکی دەبێت بە (سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عیراق ) ناو دەبرێ ،کە سەرۆکی باڵای ڕاپەڕاندنیشە لە هەرێمدا.

**ماددەی سێیەم (*):**

(ویلایەتی) سەرۆکی هەرێم بۆ چوار ساڵەو، دەشێ بۆ جاری دووەمیش هەڵبژێردرێتەوە.

**ماددەی چوارەم:**

دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لە کاتوساتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان–عیراقدا ئەنجام دەدرێت بە مەرجێ لەگەڵ حوکمی ماددەی سێیەمی ئەم یاسایە پێچەوانە نەبێ و، لەو ماوەیە کەم نەکاتەوە کە بۆی دیارکراوە.

## بەشی دووەم

## مەرجەکانی پاڵێوراو و هەڵبژێر

**ماددەی پێنجەم:**

مەرجە پاڵێوراو:

١–تەمەنی لە کاتی هەڵبژاردندا لە(٤٠) چل ساڵ کەمتر نەبێ.

٢–هاوولاتی و نیشتەجێی کوردستان–عیراق بێت.

٣–لە هەموو مافە مەدەنی و سیاسییەکانی بەهرەمەند بێت.

---

(*) تێبینی بریاری ژمارە (٥) ی ساڵی ٢٠٠٩ ی پەرلەمانی کوردستان بکرێت کە لە ٢٠٠٩/٩/١٣ دەرچووە سەبارەت بە درێژکردنەوەی ولایەتی سەرۆکی هەرێم تاکو هەڵبژاردنی سەرۆکی نوی بۆ هەرێم و دەست بە کاربوونی .

و سەرۆکی هەرێم ڕێزدار (مەسعود بارزانی) لە بەرواری ٢٠٠٩/٧/٢٥ لەلایەن هاوولاتیانی کوردستان ڕاستەوخۆ هەڵبژێردرا بۆ سەرۆکی هەرێم بەپێی حوکمی ماددە (٢) لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم و لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/٢٠ سوێندی یاسایی خوارد لەبەردەم پەرلەماندا وەك سەرۆکی هەڵبیژردراوی هەرێم .

**ماددەی شەشەم:**

دەبێ هەڵبژێر ئەو مەرجانەی تێدابێت کە لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراودا هاتوون.

## بەشی سێیەم

## پالأوتن و هەڵبژاردن

**ماددەی حەفتەم:**

١- داوای خۆپالأوتن، لانی کەم، پێش(٣٠)سی رۆژ لە وادەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان- عیراق، پێشکەش بە دەستەی بالأی سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان- عیراق دەکرێ.

٢- دەبێ دەستەی بالأ، داوای خۆپالأوتنەکە بە بنبڕی یەکلا بکاتەوەو، لە ماوەی(٤)چوار رۆژدا – لە پێشکەشکردنی داواکەوە- بلأوی بکاتەوە.

٣- پالێوراو مافی خۆیەتی، لەماوەی(٧)حەوت رۆژدا- لە رۆژی دەرچوونی بڕیاڕی رەتکردنەوەی داواکەیەوە- لەبەر دەمی دادگای تەمیزی هەرێمی کوردستاندا نارەزایی خۆی نیشان بدات.

٤-دادگا لە ماوەی(٢) دوو رۆژ، لە پێشکەشکردنی نارەزاییەکەوە، بڕیارێکی بنبڕی لەسەر دەردەکاو بلأوی دەکاتەوەو، پالێوراوەکەش لە رۆژی دەرچوونی بڕیارەکەوە بە پێراگەیەندراو دادەندرێ.

٥-دەستەی بالأ لانی کەم (١٥) پازدە رۆژ بەر لەوادەی رۆژی هەڵبژاردن، ناوی پالێوراوان رادەگەیێنێ.

**ماددەی هەشتەم:**

ئەو پاڵێوراوەی زۆرینەی سادەی دەنگەکان بە دەست بێنێ، بە براوە دادەندرێ.

## بەشی چوارەم (*)

## ئەرك وفەرمان ودەسەلاَتەكانی سەرۆكی هەرێم

**ماددەی نۆیەم:**

سەرۆکی هەرێم، دوای هەڵبژاردن و، پێش دەستبەکاربوونی لە ئەرك و فەرمانەکانیدا، لە ماوەی (٧)حەوت رۆژدا –لە رۆژی هەڵبژاردنیەوە– ئەم سوێندەی خوارەوە لەبەر دەمی پەرلەمانی کوردستان–عیراقدا دەخوات:

(سوێند بێ بە خوای مەزن، پارێزگاری لە مافەکان و دەسکەوتەکان و یەکرِیزی وبەرژەوەندییەکانی هاوولاَتیانی هەرێمی کوردستان بکەم و ئەرك وفەرمانەکانم بە دروستی و دڵسۆزی ئەنجام بدەم).

**ماددەی دەیەم:** سەرۆکی هەرێم ئەم ئەرك وفەرمان و دەسەلاَتانەی خوارەوەی هەیە:

(*) تێبینی هەندێك لە دەسەلاَتەکانی سەرۆکی هەرێم لە ماددەکانی ( ٥ ) و ( ٦ ) یاسای ژمارە ( ٢ ) ی ساڵی ٢٠٠٩ ( یاسای هەموارکردنی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان ژمارە ( ١ ) ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەموارکراو) و ماددەی (١٢) لە یاسای ئاماژەپێکراو.

**یەکەم:** [1]

١– پێشنیارکردنی پرۆژەی یاساو بڕیارەکانی تایبەت بە سەرۆکایەتی هەرێم بۆ پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق.

٢– دەرچواندنی ئەو یاساو بڕیارانەی کە پەرلەمانی کوردستان–عێراق دایان دەنێت، لە ماوەی پانزە ڕۆژدا لە بەرواری گەیشتنی بۆ سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە لەو ماوەیەدا نارەزایی لەسەر هەموو یان هەندێك لەو یاساو بڕیارانەی دەربڕێت. و گەڕاندنەوەی بۆ پەرلەمان بۆ چاو پێخشاندنەوەیان و بڕیاری پەرلەمان لەسەریان بنبڕ دەبێت. و ئەو یاساو بڕیارانەش بە دەرچوو دادەنرێت لەو حالەتەی کە سەرۆکی هەرێم لەماوەی ناوبراو دەری نەچوواند و نارەزایشی لەسەریان نەبووە پەرلەمان رادەسپێرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی بڵاو دەکرێتەوە.

**دووەم:** [2] دەرکردنی فەرمانێك بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتیی پەرلەمانی

---

(1)بڕگەی یەکەم هەموارکرا بە ماددەی یەکەم لە یاسای ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٩ یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٥ وە لەرۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستاندا بە ژمارە (٩٧) لە ٢٠٠٩/٢/١٦ بلاّوکراوەتەوە وە ئەم بڕگەیە پێش هەموارکردنی بەم جۆرە بوو: یەکەم:ئەو یاسایانەی ئەنجومەنی نیشتمانیی هەرێم دایان دەنێت، سەرۆکی هەرێم لەماوەی (١٠)دە رۆژ دا لە رۆژی دانانیەوە دەریان دەچوێنێ و، مافی ئەوەشی هەیە (تانە) لە کۆی یاساکە یان لە بەشێکی بدات و، رەوانەی ئەنجومەنی بکاتەوە تا چاوی پێدابخشێنێتەوە ، لەم بارەدا بڕیاری ئەنجومەن بنبڕە.

(2) بڕگەی دووەم هەموارکرا بە ماددەی یەکەمی یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٥ و بڕگەی دووەم پێش هەموارکردنی بەم شێوەیە بوو: لە حاڵەتێکدا ئەنجومەنی نیشتمانیی هەرێم هەڵبوەشێتەوە، یان

کوردستانی عێراق و دیاریکردنی کاتەکەی لەماوەی (پانزەرۆژدا) لە بەرواری هەڵوەشاندنەوەی یان بەلانی کەم لەماوەی شێست رۆژی پێش کۆتایی خولی هەڵبژاردنی بە مەرجێك رۆژی هەڵبژاردن لە شەست رۆژی دوای هەڵوەشانەوەی یان شەست ڕۆژی پێش کۆتایی خولی هەڵبژاردنی رەت نەکات[*].

**سێیەم**: لە ماوەی (١٠)دە رۆژدا لە رۆژی راگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکەوە ، فەرمانی بانگهێشت کردنی پەرلەمانی هەرێم بۆ خولی یەکەمی کۆبوونەوەی خولی هەڵبژاردن دەردەچوێنێ و، ئەگەر بانگهێشتی بۆ دەرنەکرا، ئەوا ئەنجومەن، لە خۆیەوە لە رۆژی دوای کۆتایی ماوەکە کۆ دەبێتەوە.

**چوارەم**: لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا، بە مەرسوم ، پەرلەمانی کوردستان– عیراق هەڵدەوەشێنێتەوە:

١– ئەگەر پتر لە نیوەی ئەندامەکانی دەستیان لەکار کێشایەوە.

٢– ئەگەر لە ماوەی (٤٥) چل و پێنج رۆژدا لە بانگهێشت کردنی بۆ کۆبوونەوەی خولی هەڵبژاردن، ژمارەی یاسایی ئەندامان بە دەست نەهات.

---

ماوەی خولی هەڵبژاردنەکەی کۆتایی هاتبێ، سەرۆکی هەرێم لە ماوەی ١٥ پازدە رۆژدا فەرمانێ بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی دەردەچوێنێ.

(*) تیبینی بریاری ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠٠٩ ی پەرلەمانی کوردستان بکرێت کە ١٥/٤/ ٢٠٠٩ دەرچووە کە بەدەر لە حوکمی ماددەی ( دەیەم/دووەم ) لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم دەسەڵات بە سەرۆکی هەرێم درا بۆ دیاریکردنی کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان–عێراق و بانگهێشتی بو بکات باش تەواوبونی پێداویستیەکردەنییەکانی هەلبژاردن لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە .

٣– ئەگەر پەرلەمان متمانەی بە ئەنجومەنی وەزیران، لە سێ پێکهاتەی وەزاری جیاوازی یەك لەدوای یەك دا نەدا.

٤– ئەگەر سیستەمی هەڵبژاردنی ئەنجومەن گۆڕاو، خولی هەڵبژاردنیش، (٦) مانگ یان کەمتری مابوو.

**پێنجەم:** کاتێ هەرێمی کوردستان و سیستەمە سیاسییەکەی، یان ئاسایشی گشتی هەرێم، یان دامودەزگا دەستوورییەکانی بکەونە مەترسییەکی ئەوتۆوە، هەڕەشە لە بوونی بکاو، پەرلەمانیش نەتوانێ کۆببێتەوە، ئەوە، لەو بارەدا سەرۆکی هەرێم دوای راوێژو رێککەوتن لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمدا بڕیارگەلێ دەردەچوێنێ هێزی یاسایان هەیە بە بەمەرجێ ئەو بڕیارانە، لە یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمانی هەرێمدا بخرێنە بەردەمی. خۆ ئەگەر هاتو نەخرانە بەردەمی، یان خرانە بەردەمی و پەرلەمان پەسەندی نەکردن، ئەوا، لەو بارەدا سیفەتی یاساییان نامێنێ.

**شەشەم:** لێبوردنی تایبەت لە بەندکراوان، بەپێی یاسا.

**حەوتەم:** پەسەند کردنی حوکمی لە سێدارە دان، یان سووك کردنی بۆ بەندکردنی هەتا هەتا.

**هەشتەم:** جاڕدانی باری نائاسایی بە پێی یاسایەکی تایبەت.

**نۆیەم:** لەکاتی پێویستدا بانگهێشتی ئەنجومەنی وەزیران دەکا بۆ کۆبوونەوەیەکی ناچاری وگفتوگۆکردنی پرسگەلێکی دیارکراو کە کۆبوونەوەکەی بۆ دەکرێ، سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکەش دەکا.

**دەیەم:** لە کاتی پێویستداو، بە رەزامەندی پەرلەمانی هەرێم، رێگەدەدات بە

هێزە چەکدارەکانی فیدراڵ بێنە ناو هەرێمەوە.

**یازدەم:** سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە، بەرەزامەندی پەرلەمانی کوردستان–عیراق، هێزەکانی پێشمەرگە بۆ دەرەوەی هەرێم بنێرێ.

**دوازدەم:** [1] دووای دەستنیشانکردنیان لە لایەن پەرلەمانی کوردستان سەرەك وەزیران و جێگرەکەی رادەسپێرێت بە پێکهێنانی وەزارەت ئەویش لەماوەی سی رۆژ لە مێژووی راسپاردنەکەیانەوە.

**سیازدەم:** کاتێ پەرلەمانی کوردستان–عیراق، ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیر لە متمانە دەخات، سەرۆکی هەرێم فەرمانی قبوڵکردنی دەست لەکارکێشانەوەیان دەردەچوێنێ.

**چواردەم:** فەرمانی قبوڵکردنی دەست لە کارکێشانەوەی ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیر دەردەچوێنێ و، داواشیان لێ دەکا لە ئەرکوفرمانی خۆیاندا بەردەوام بن تا وەزارەتی نوێ پێك دەهێنرێ.

**پازدەم:** [2] دامەزراندن و لابردنی خاوەن پلە تایبەتیەکانی هەرێم لەسەر پێشنیاری یان اقتراحی وەزیری پەیوەندیدارو ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران.

---

(1) هەموارکرا بە ماددەی دووەم لە یاسای ژمارە (٢) ساڵی ٢٠٠٦ یاسای هەمواراکردنی یەکەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم. ئەم بڕگەیە بەر لە هەموارکردنی بەم جۆرە بوو: (داوا لە سەرۆکی وەزیران دەکرێت ، دوای دەستنیشانکردنی لەلایەن ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان–عێراقەوە کە وەزارەت پێکبهێنێ لەماوەی سی (٣٠) رۆژ لە بەرواری داوالێکردنەکەی).

(2) بڕگەی پازدەم هەموارکرا بە ماددەی یەکەم لە یاسای ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٩ یاسای هەمواراکردنی دووەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم وبڕگەی پازدەم پێش هەموارکردنی بەم شێوەیە بوو: دامەزراندنی خاوەن پلە تایبەتەکان لەسەر پێشنیازی وەزیری پەیوەندیدارو رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران.

**شازدەم:** دامەزراندنی دادوەران و سەرۆك و ئەندامانی داواکاری گشتی دوای پاڵاوتنیان لەلایەن ئەنجومەنی دادوەری هەرێمەوە.

**حەڤدەم:** بەخشینی روتبەی سەربازی بە ئەفسەرانی هێزە چەکدارەکانی هەرێم و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆو دەرکردن و خانەنشینیشیان بەپێی یاسا رەچاوکراوەکان.

**هەژدەم:** بەخشینی نیشان و مەدالیا بەپێی یاسا.

**نۆزدەم:**[1] سەرۆکی هەرێم هەر دەسەڵاتێکی تر کە لە دەستووری یاسادا هاتبێت دەگرێتە دەست.

**ماددەی یازدەم:**[2]

(مووچەو دەرماڵەی سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی بەیاسا دیار دەکرێت).

**ماددەی دوازدەم:**

سەرۆکایەتی هەرێم دیوانێکی دەبێ و، پێکهاتەو ئەرکەکانی بە یاسا دیار دەکرێت.

**ماددەی سیازدەم:** هەڵوەشاوەتەوە.[3]

---

(1) برگەی نۆزدە زیادکرا بە پێی ماددەی یەکەمی یاسای ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٩ یاسای هەمواراکردنی دووەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم.

(2) هەموارکرا بە ماددەی سێیەمی یاسای ژمارە (٢) ساڵی ٢٠٠٦ یاسای هەمواراکردنی یەکەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم.

(3) هەڵوەشاوەتەوە بە پێی ماددەی چوارەمی یاسای ژمارە (٢) ساڵی ٢٠٠٦ یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم . مادەکە پێش هەڵوەشاندنەوەی بەم شێوەیە بوو (١- سەرۆکی هەرێم فەرماندەی گشتی هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان_عیراقە. ٢- سەرۆکی هەرێم جێگرێك بۆ فەرمانداری گشتی هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی

**ماددەی چواردەم:** هەڵوەشاوەتەوە .[1]

**ماددەی پازدەم :**

ئەگەر پلەوپایەی سەرۆكی هەرێم، لەبەر هەر هۆیەك، چۆڵ بوو، سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان ـ عیراق ئەركوفرمانەكانی هەڵدەسورێنێ تا لە ماوەی(٦٠) شەست رۆژ دا– لە رۆژی چۆڵ بوونی پلەوپایەكەوە– سەرۆكێكی نوێ هەڵدەبژێردرێ.

**ماددەی شازدەم :**

ماوەی سەرۆكایەتی سەرۆكی هەرێم، لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا، بەبریاری لەلایەن پەرلەمانی كوردستان–عێراق كۆتایی پێ دەهێندرێ:

١– ئەگەر سەرۆكی هەرێم خۆی داوای ئەوە بكات.

٢– نەتوانێ، لەبەر هەر هۆیەك بێت، ئەركو فرمانەكانی هەڵسوورێنێ.

٣– بەلای كەمەوە ($\frac{٣}{٤}$) ی ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان–عێراق، لە دەنگدانێكی نهێنیدا، لە متمانەی بخەن.

كوردستان_عیراق دادەمەزرێنێ تا لە ئەرك و فەرمانەكانیدا لەم رووەوە یاریدەی بداو، لە دیار نەبوونیدا جێگای بگرێتەوە).

(1) هەڵوەشاوەتەوە بە پێی ماددەی پێنجەم لە یاسای ژمارە (٢) ساڵی ٢٠٠٦ یاسای هەمواركردنی یەكەمی یاسای سەرۆكایەتی هەرێم ماددەكەش پێش هەڵوەشاندنەوە بەم شێوەیە بوو (لە حاڵەتی نەبوونی سەرۆكی هەرێمدا لەبەر هەر هۆیەك دەبێ، بێ سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران، لەجیاتی ئەو، ئەرك و فەرمانەكانی لە ئەستۆ دەگرێ)..

## بەشی پێنجەم
## حوکمە گواستنەوەییەکان

**ماددەی حەڤدەهەم :**

سەرۆکی هەرێم، لە لایەن پەرلــەمانی کوردســتان–عێراقــەوە بــە زۆرینــەی دەنگی ئەندامەکانی هەڵدەبژێردرێت بۆ (ویلایەتی)یەکەم بەدەر لــە حــوکمی ماددەی دووەمی ئەم یاسایە.

**ماددەی هەژدەم :**

یاسای ژمارە(٢)ی ساڵی ١٩٩٢(یاسای هەڵبــژاردنی رابــەری بزووتنــەوەی رزگاریخوازی کوردی) و، یاسای ژمــارە(١٠)ســاڵی ١٩٩٧ی هــەموارکراو هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی نۆزدەم :**

پێویســـتە لەســەر ئەنجومــەنی وەزیــران و لایەنــە پەیوەندیــدارەکان کــار بــە حوکمەکانی ئەم یاسایە بکەن.

**ماددەی بیستەم :**

ئــەم یاســایە لــە رۆژی دەرچــوونیەوە کــاری پێــدەکرێ و لــە رۆژنامــەی رەسمی(وەقایعی کوردستان)دا بلاّودەکرێتەوە.

**عەدنان رەشاد موفتی**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق**

## هۆی دانانی ئەم یاسایە

لەبەر ئەوەی لە هەر سیستەمێکی سیاسیدا سەرۆکێك هەیە یەکێتی گەل و وولات بەرجەستە دەکات و بەناوی ئەوەوە لەسەر ئاستی سیاسی و نێودەوڵەتی دەدوێت و وەك سەرۆکی باڵای راپەڕاندن چاودێریی بەرژەوەندییەکانی هاوولاتیان دەکات و پاڵپشتێکی سەرەکییە بۆ سەقامگیری باری سیاسی و پێشکەوتنی کۆمەڵگا، لەبەر ئەوەش کە باری ناوخۆی پێشوو لە کوردستاندا رێك و لەبار نەبوو، بۆ تەواوکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنی (رابەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی) بەپێی یاسای ژمارە(٢) ی ساڵی (١٩٩٢) ، کە ئێستا بە پایەی سەرۆکی هەرێم ناو دەبرێ، دوا جار پێویستی کرد بە یاسای ژمارە(١٠) ی ساڵی (١٩٩٧) دەسەلاتەکانی دابەش بکرێت بەسەر سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان–عیراق و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمدا، لەبەر ئەو گۆڕانکارییە گرنگانەش کە لە عیراقدا روویاندا لە ئەنجامی رووخانی رژێمی سەددام حوسێنی دیکتاتۆرو دەرچواندنی (یاسای بەرێوەبردنی دەولەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە) کە سیستەمی فیدرالی بۆ عیراق چەسپاندو، سەرکەوتنی هەڵبژاردنە گشتییەکان لە عێراقدا کە بووە هۆی پێکهێنانی یەکەم کۆمەڵەی نیشتمانی

هەڵبژێردراوی عیراق و بەشداری کردنی کورد لە دەسەڵاتە فیدراڵیەکاندا تا دەگاتە سەرۆکایەتی کۆماریش و، لەبەر ئەوەی قۆناغی داهاتوو پێویست دەکات هەڵوێست و تواناکان یەك بخرێن بۆ بەدیهێنانی ویستەکانی گەلی کوردستان– عیراق لە ئازادی و دیموکراسی و فیدرالی دا، بۆیە ئەم یاسایە دانرا.

# یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٥
# یاسای دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان-عێراق**

پشت بەو یاسایانەی پەرلەمانی كوردستان–عێراق دایناوەو بە پێی حوكمی ماددەی (دە/یەكەم) لە یاسای ژمارە (١) ی ساڵی (٢٠٠٥) یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان–عێراق، ئەم یاسایەمان دەرچواند:–

## یاسای ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠٠٥ (*)

## یاسای دیوانی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان-عێراق

**ماددەی یەكەم:**

سەرۆكایەتی هەرێم دیوانێكی دەبێت بە ناوی (دیوانی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان) كە خاوەن كەسایەتی مەعنەویەو ئەم ئەركانەی خوارەوەی هەیە:

**یەكەم:** سەرپەرشتی كردنی فەرمانگەكانی دیوان.

**دووەم:** رێكخستنی پەیوەندی لە نێوان سەرۆكایەتی هەرێم و سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان–عێراق و سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان–عێراق.

**سێیەم:** رێكخستنی پەیوەندی لە نێوان سەرۆكایەتی هەرێم و دەسەڵاتەكانی عێراقی فیدراڵ.

**چوارەم:** رێكخستنی چالاكی و پەیوەندییەكانی سەرۆكی هەرێم لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێمی كوردستان.

**ماددەی دووەم:**

سەرۆكی هەرێم بە پلەی وەزیر سەرۆكی دیوانی سەرۆكایەتی هەرێم دادەمەزرێنێت.

---

(*) لە رۆژنامەی فەرمی وەقایعی كوردستان ژمارە ٦١ لە ٢٠٠٦/٧/١٦ بلاْوكراوەتەوە.

**ماددەی سێیەم:**

سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە سیستەمێکی تایبەت بە پێکهاتەی دیوان دەربکات و هەر فەرمانگەو بەش و هۆبەیەك بە گونجاو بزانێت بێنێتە کایەوەو پوچەڵیان بکاتەوە.

**ماددەی چوارەم:**

**یەکەم:** سەرۆکی هەرێم راوێژکارەکانی دادەمەزرێنێت بە پلەی تایبەت و بۆی هەیە بەرێوەبەرە گشتییەکانی نێو پێکهاتەی دیوان دابمەزرێنێت و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات و خانەنشینیان بکات بە پێی یاسا.

**دووەم:** سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە کارمەندانی پێکهاتەی دیوان دابمەزرێنێت و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات و خانەنشینیان بکات بە پێی یاسا، هەروەها بۆی هەیە هەندێك لە دەسەڵاتەکانی سەبارەت بەم برگەیە بە سەرۆکی دیوان بدات.

**ماددەی پێنجەم:**

سەرۆکی دیوان بۆی هەیە لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ئامادەبێت.

**ماددەی شەشەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچواندنیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی رەسمی (وەقایعی کوردستان) دا بلاْودەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان-عێراق**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان-عێراق**

**ژمارەی بڕیار: (٣)**

**مێژووی بڕیار: ٢٠٠٥/٦/١٢**

## (بڕیار)

پشت بە حوکمی بڕگە (١) ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی هەوارکراوی ساڵی ١٩٩٢، وبڕگەی (١) لە ماددەی سێزدەم و ماددەی حەڤدە لە یاسای ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٥، پەرلەمانی کوردستان–عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ٢٠٠٥/٦/١٢ ئەمەی خوارەوەی بڕیاردا:–

**یەکەم**: هەڵبژاردنی ڕێزدار مەسعود مستەفا بارزانی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان–عێراق.

**یەکەم:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی (٢٠٠٥/٦/١٢) کاری پێ دەکرێت و لەرۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) دا بلاّودەکرێتەوە.

**عدنان رشاد موفتی**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان-عێراق**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق**

## بڕیاری (*)

## ژمارە ( ٥ )ساڵی ٢٠٠٦

پشت بەو یاساکارییەی کە پەرلەمانی کوردستان–عێراق لە دانیشتنی ژمارە (١٠) ی رۆژی(٢١/٦/٢٠٠٦)یدا، بە پێی حوکمەکانی بڕگە (١) ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١) ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢) و ماددەی (٦) ی پێڕۆی ناوخۆی پەرلەمان ئەنجامی داوەو، بە پێی ئەو دەسەڵاتەش کە بە ماددەی (١٠) لە یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی پێماندراوە، ئەم بڕیارەی خوارەوەمان دەرچواند:–

**یەکەم:**

بڕیاردان لەسەر پاڵاوتنی بەڕێز (کۆسرەت رەسول عەلی) بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان–عێراق.

**دووەم:**

ئەم بڕیارە لە رۆژی سوێندخواردنی یاساییەوە رێکەوتی ٢١/٦/٢٠٠٦ جێبەجێ دەکرێ و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) دا بڵاو دەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان-عێراق**

(*) لە رۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان ژمارە (٦٢) لە ٢٧/٨/٢٠٠٦ بڵاوکراوەتەوە.

# یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٦
# یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق**

پشت بەو یاسایەی کە پەرلەمانی کوردستان–عێراق دایناوەو بە پێی حوکمی ماددە (دە/یەکەم) لەیاسای ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥، یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان–عێراق، ئەم یاسایەمان دەرچواند:

## یاسای ژمارە ( ٢ ) بۆ ساڵی ٢٠٠٦ (*)

## یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە ( ١ ) ساڵی ٢٠٠٥

**ماددەی یەکەم:** ماددەی یەکەم لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١) بۆ ساڵی ٢٠٠٥ هەمواردەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

١– هەرێمی کوردستانی عێراق سەرۆکێکی دەبێت پێی دەوترێت سەرۆکی هەرێمی کوردستان و خۆی سەرۆکی بالای دەسەلاتی جێبەجێ کردن و فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستانە.

٢– سەرۆکی هەرێم جێگرێکی دەبێت هاوکاری دەکات لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی و لەکاتی ئامادەنەبوونی دا جێگەی ئەو دەگرێتەوە و هەر خۆشی جێگری فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەیە.

٣– سەرۆکی هەرێم هەندێك لە ئەرك و دەسەلاتەکانی خۆی بە جێگرەکەی خۆی دەدات.

(*) لە رۆژنامەی پەرلەمان ژمارە (٨٣) لە ٢٠٠٧/١/٣٠ بلاوکراوەتەوە.

**ماددەی دووەم:** برگەی (دوازدەم) لە ماددەی (دەیەم) ی ئەم یاسایەدا هەمواردەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

( دوای دەستنیشانکردنیان لەلایەن پەرلەمانی کوردستان سەرەك وەزیران و جێگرەکەی رادەسپێرێت بە پێکهێنانی وەزارەت ئەوەش لە ماوەی سی رۆژ لە مێژووی راسپاردنەکەیانەوە).

**ماددەی سێیەم:** ماددەی (یازدەم)ی یاساکە هەمواردەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە. (مووچەو دەرماڵەی سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی بە یاسا دیار دەکرێت).

**ماددەی چوارەم:** ماددەی سیازدەی یاساکە هەڵدەوەشێندرێتەوە.

**ماددەی پێنجەم:** ماددەی چواردەی یاساکە هەڵدەوەشێندرێتەوە.

**ماددەی شەشەم:** لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم یاسایە جێبەجێ دەکەن.

**ماددەی حەوتەم:** ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچواندنیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بلاودەکرێتەوە.

**مەسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان-عێراق**

# یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٩
# یاسای هەموارکردنی دووەمی
# یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
# ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**
**بەناوی گەلەوە**

## بڕیار

**ژمارە ( ٢ ) ساڵی ٢٠٠٩**

**یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق**
**ژمارە ( ١ ) ی ساڵی ٢٠٠٥ هەموارکراو**

بە پێی بڕگە(١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان–عێراق ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو و بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان–عێراق کردویەتی لە دانیشتنی نا ئاسایی ژمارە (١) لە ٢١/١/٢٠٠٩ بریارماندا بە دەرکردنی:–

**یاسای ژمارە ( ١ ) ی ساڵی ٢٠٠٩**

**یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق**
**ژمارە ( ١ ) ی ساڵی ٢٠٠٥ هەموارکراو(*)**

**ماددەی یەکەم:**

بڕگەکانی (یەکەم و دووەم و پازدەم) لە ماددەی دەیەمی یاساکە هەمواردەکرێت و بڕگەیەك بە زنجیرە (نۆزدەم) زیاد دەکرێتە سەرماددەکە و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(*) لە رۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان ژمارە (٩٧) لە بەرواری ١٦/٢/٢٠٠٩ بلاوکراوەتەوە.

یەکەم:

١– پێشنیارکردنی پرۆژەی یاساو بڕیارەکانی تایبەت بە سەرۆکایەتی هـەرێم بۆ پەرلـەمانی کوردستان ـ عیراق.

٢– دەرچـواندنی ئەو یاسـاو بڕیارانەی کە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان– عیراق دایان دەنێت، لـە مـاوەی پـانزە ڕۆژدا لـە بـەرواری گەیـشتنی بـۆ سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆکی هـەرێم بـۆی هەیـە لـەو ماوەیـەدا نـاڕەزایی لەسەر هەموو یان هەندێك لەو یاساو بڕیارانەی دەرببڕێت. و گەڕاندنـەوەی بۆ پەرلـەمان بۆ چـاو پێخـشاندنەوەیان و بڕیـاری پەرلـەمان لەسـەریان بنـبڕ دەبێت. و ئەو یاساو بڕیارانەش بە دەرچـوو دادەنرێـت لـەو حالـەتـەی کـە سەرۆکی هەرێم لەماوەی ناوبراو دەری نەچـوواند و ناڕەزایـشی لەسـەریان نەبووە پەرلـەمان رادەسپێری و لـە ڕۆژنامەی فەرمی بڵاو دەکرێتەوە.

دووەم: دەرکردنی فەرمانێك بۆ ئەنجامدانی هەڵبـژاردنی گـشتیی پەرلـەمانی کوردسـتانی عێـراق و دیـاریکردنی کاتەکـەی لـەماوەی (پـانزەرۆژدا) لـە بەرواری هەڵوەشاندنەوەی یان بەلانی کەم لـەماوەی شێـست رۆژی پـێش کۆتایی خولی هەڵبژاردنی بە مەرجێك ڕۆژی هەڵبژاردن لە شەسـت ڕۆژی دوای هەڵوەشانەوەی یان شەسـت ڕۆژی پـێش کۆتـایی خـولی هەڵبـژاردنی ڕەت نەکات.

پـازدەم: دامەزرانـدن و لابردنـی خـاوەن پلـە تایبەتیـەکانی هـەرێم لەسـەر پێـشنیاری یـان (اقتراحـی) وەزیـری پەیوەندیـدارو ڕەزامەنـدی ئەنجومـەنی وەزیران.

نۆزدەم:سەرۆکی هەرێم هەر دەسەلاّتێکی تر کە لە دەستوورو یاسادا هاتبێت دەگرێتە دەست.

**ماددەی دووەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیار ناکرێت ئەگەر ناکۆك بێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا.

**ماددەی سێیەم:**

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی چوارەم:**

ئەم یاسایە لەبەرواری دەرچواندنیدا جێبەجێ دەکرێ و لەرۆژنامەی فەرمیدا (وەقایعی کوردستان) بلاّودەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان-عێراق**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق**

بەپێی خالّی (٢) ی برِگەی (یەکەم)ی ماددەی (١٠)ی (یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عیّراق) ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو و بە پالّپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق کردوویەتی لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٦) لە رِۆژی ٢٠٠٩/٤/١٥ بریارماندا بە دەرکردنی:

## بریاری ژمارە ( ٤ ) ی ساڵی ٢٠٠٩ (*)

پشت بە ستن بە حوکمی ماددەی (٥٦) برِگەی (٣) لە یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و ماددەی دەیەم برِگەی (٢) لە یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو ، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران ، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٦) ی رِۆژی ٢٠٠٩/٤/١٥ ی خۆیدا ، بریاری دا بە دەرچواندنی ئەم بریارەی خوارەوە:

**یەکەم:**

بە دەر لە حوکمی ماددەی (دەیەم/دووەم) لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو دەسەلاّت بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق دەدرێ کاتی ئەنجامدانی هەلّبژاردنەکانی خولی سێیەمی

---

(*) لە رۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان ژمارە (٩٩) لە بەرواری ٢٠٠٩/٥/٢٥ بلاّوکراوەتەوە.

پەرلەمانی کوردستان–عێراق دیاری بکات و بانگهێشتی بۆ بکات پاش تەواوبوونی پێدوایستیەکردەنییەکانی هەڵبژاردن لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە .

**دووەم:**

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

**سێیەم:**

ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) دا بڵاودەکرێتەوە .

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان-عێراق**

## هۆیەکانی دەرچواندنی

لەبەرنەبوونی پێداویستە پێویستەکان لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان لە کاتی دیاری کراوی خۆی وای کرد ماوە یاساییەکە بۆ بانگهێشت کردن بۆ ئەنجامدانی لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە تێپەڕێت، بۆیە ئەم بڕیارە دەرچوێنرا.

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق**

بەپێی خاڵی (٢) ی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (١٠)ی (یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق) ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو و بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان–عێراق کردوویەتی لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٣) لە ڕۆژی ١٣/٥/٢٠٠٩ بڕیارماندا بە دەرکردنی:

**بڕیاری ژمارە ( ٥ ) ی ساڵی ٢٠٠٩** (*)

**یەکەم:** بە دەر لە حوکمی ماددەی (سێیەم) لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو ویلایەتی سەرۆکی هەرێم کە لە ١٢/٦/٢٠٠٩ کۆتایی پێدێت ، درێژدەکرێتەوە تاکو هەڵبژاردنی سەرۆکێکی نوێ بۆ هەرێم و دەست بەکاربوونی .

**دووەم:** کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم بڕیارە بێت.

**سێیەم:** لەسەر ئەنجوومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان پێویستە حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن .

**چوارەم :** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) دا بڵاودەکرێتەوە .

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان-عێراق**

(*) لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان ژمارە (١٠٠) لە بەرواری ١/٦/٢٠٠٩ بڵاوکراوەتەوە.

# یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠١٠
# یاسای مووچە و دەرماڵەی
# سەرۆکی هەرێمی کوردستان-عێراق و
# جێگرەکەی

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق**

## بــڕیار

**ژمارە ( ١٨ ) ساڵی ٢٠١٠**

بەپێی ئەو دەسەڵاتی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠)ی (یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان–عێراق)ی ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو پێمان دراوە، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان–عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (١٣) لە ٢٠١٠/١١/٩ بڕیارماندا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە ( ١٣ ) بۆ ساڵی ٢٠١٠(*)**

**یاسای مووچە و دەرماڵەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق و جێگرەکەی**

**ماددەی یەکەم:**

سەرۆکی هەرێمی کوردستان–عێراق مووچەیەکی مانگانە وەردەگرێت بڕەکەی (١٥) ملیۆن دیناری عێراقییە .

---

(*) لە رۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان ژمارە (١٢٠) لە بەرواری ٢٠١٠/١٢/٢٠ بلاوکراوەتەوە.

**ماددەی دووەم:**

دەرماڵەی مانگانە دەخرێتە سەر مووچەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق کە دەکاتە (٥٠ ٪) ی مووچەی مانگانەی .

**ماددەی سێیەم:**

سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق لە کاتی خانەنشین بوون ، مووچەی خانەنشین وەردەگرێت ، کە دەکاتە (٨٠ ٪) ی مووچە و دەرماڵەکەی .

**ماددەی چوارەم:**

جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق مووچەیەکی مانگانە وەردەگرێت کە دەکاتە (١٣) ملیۆن دیناری عێراقی .

**ماددەی پێنجەم:**

دەرماڵەی مانگانە دەخرێتە سەر مووچەی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق کە دەکاتە (٥٠ ٪) ی مووچەی مانگانەی.

**ماددەی شەشەم:**

جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق لە کاتی خانەشین بوون مووچەی خانەنشینی مانگانە وەردەگرێت کە دەکاتە (٨٠ ٪) ی مووچەو دەرماڵەکەی.

**ماددەی حەوتەم:**

پاش تەواو بوونی ئەرکی سەرۆك و جێگرەکەی ، حکومەت هەموو پێداویستیەکانی نیشتەجێ بوون و پارێزگاری کردن و گواستنەوەی گونجاو، و ئیمتیازاتی دیکەیان بۆ دابین دەکات ، ئەوانەی کە یاسا

کارپێکراوەکانی هەرێم یان نەرێتی نیشتمانیی لەم حاڵەتانەدا دەیان بەخشیّ.

**ماددەی هەشتەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی ( وەقائیعی کوردستان ) جێبەجیّ دەکرێت .

**مەسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان-عێراق**

## هۆ یەکانی دەرچواندنی

ئاماژە بە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە ( ١ ) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو ، و لە پێناوی دەست نیشان کردنی مووچە و دەرماڵەی سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی ئەم یاسایە دەرچوێنرا .

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

## بـڕیار

**ژمارە ( ٥ )ی ساڵی ٢٠١٢**

پشت بەستن بە حوکمی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمـارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، بڕگە (٢) لە ماددەی (١) لــە یاسـای ژمـارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٦ی هەموارکراو، پەرلــەمانی کوردسـتان ـ عێـراق، لــە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٥)ی ڕۆژی ٢٠١٢/٣/٢٩، ئەم بڕیارەی دا.

**یەکەم:** بڕیاردان لـەسەر دەستنیــشان کردنــی بــەڕێز (عبــدالله رســول علی) ناســراو بــە (کۆســرەت رســول علــی) بــۆ پۆسـتی جێگـری سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

**دووەم:** ئەم بڕیارە لـە ڕۆژی سوێند خواردنی یاساییەوە ڕۆژی ٢٠١٢/٣/٢٩ ەوە جێبەجێ دەکرێت و لـە ڕۆژنامەی فەرمیی (وقـایعی کوردسـتان)دا بـڵاو دەکرێتەوە.

**د. ارسلان بایز اسماعیل**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**
**٢٠١٢/٣/٢٩**

**هەرێمی کوردستان – عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**

## فەرمانی هەرێمی
## ژمارە ( ٦٤ ) ی ساڵی ٢٠١٢( * )

پاڵپشت بەو ڕێککارییە یاساییانەی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامیداوە لە دانیشتنی ژمارە (٥) لە ٢٠١٢/٣/٢٩ و بە پێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو بڕیارماندا بە:

١. دامەزراندنی بەڕێز (عبدالله رسول علی) ناسراو بە (کۆسرەت رسول علی) لە پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق .
٢. ئەم فەرمانە لە ڕۆژی سوێند خواردنی یاساییەوە جێبەجێ دەکرێت.

مەسعود بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق

* لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان ژمارە ١٥٨ ڕۆژی ٢٠١٣/٢/٣ بڵاوکراوەتەوە.

## چەند ماددەیەك لە دەستووری عێراقی فیدراڵی یەکگرتوو

**ماددەی (١١٥):** هەرشتێک لە سنوری دەسەڵاتە تایبەتەکانی حکومەتی فیدرالیدا ئاماژەی پێنەکرابێت، ئەوە دەبێتە دەسەڵاتی هەرێمەکان و ئە ێزگایانەی ناکەونە سنووری هیچ هەرێمێکەوە. ئەگەر ناکۆکی دروستبوو لەسەر دەسەڵاتە هاوبەشەکانی نێوان حکومەتی فیدرالو حکومەتی هەرێمەکان، ئەوا پێشینە بۆ یاسای هەرێمەکەیە.

**ماددەی (١١٧):**

**یەکەم:** ئەم دەستوورە لە بەرواری پیادەکردنیەوە دان بە هەرێمی کوردستان و ئەو دەسەڵاتەی ئێستایدا دەهێنێت وەک هەرێمێکی فیدرالی.

**دووەم:** ئەم دەستوورە دان بەو هەرێمە نوێیانەدا دەنێت کە بە گوێرەی بڕگەکانی دەستوور دادەمەزرێنرێن.

**ماددەی (١٢٠):** هەرێم دەستورێک بۆخۆی دادەڕێژێت، هەرەمی دەسەڵاتەکانی هەرێم و میکانیزمی بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتانە دیاریدەکات بەمەرجێک ناکۆک نەبێت لەگەڵ ئەم دەستوورەدا.

**ماددەی (١٢١)**

**یەکەم:** دەسەڵاتی هەرێمەکان مافی پیادەکردنی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و ڕاپەڕاندن و دادوەریان هەیە بەگوێرەی ئەم دەستوورە جگەلەو دەسەڵاتانەی کەتایبەتن بە حکومەتی فیدرالیەوە.

**دووەم:** حکومەتی هەرێم مافی هەمووارکردنی جێبەجێکردنی یاسای فیدرالی لە هەرێمەکەدا هەیە ئەگەر ناکۆکی یان دژیەک لەنێوان یاسای فیدرالو یاسای هەرێمدا هەبوو لەسەر بابەتێک کە لە سنووری ئەو دەسەڵاتانەدا نەبێت کە تایبەتن بە حکومەتی فیدرالی.

**سێیەم:** دەبێت لەو داهاتانەی لە حکومەتی فیدرالیدا بەدەست دەهێنرێت پشکێکی گونجاو بۆ هەرێمەکان تەرخان بکرێت کە بەشی هەستان بە ئەرکەکانی بکات بە لەبەرچاوگرتنی داهات و پێویستیەکانو ڕێژەی دانیشتوانیشی.

**چوارم:** نووسینگەی تایبەت بە هەرێم و پارێزگاکان دەکرێتەوە لە باڵوێزخانەو نێردە دبلۆماسیەکاندا بەمەبەستی بەدواداچوونی کاروباری ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتیو گەشەپێدان.

**پێنجەم:** هەرچی پەیوەندی بە بەڕێوەبردنی هەرێمەوە هەیە لە ئەستۆی حکومەتی هەرێمدایە بەتایبەتی پێکهێنان و ڕێکخستنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی هەرێم وەک پۆلیس و ئاسایش و پاسەوانی هەرێم.

**ماددەی (١٤١):** کارکردن بەو یاسایانەی کە لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ ەوە دەرکراوە بەردەوام دەبێت، بەهەمان شێوە ئەو بڕیارانەش کارپێکراون کە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دراون – لەوانەش بڕیارەکانی دادگا و گرێبەستەکان –ئەگەر هەموار نەکرابن یان هەڵنەوەشابنەوە بە پێی بڕیارەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەنی پەیوەندیدارەوە، بە مەرجێک پێچەوانەی دەستوور نەبێت.

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەل**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق**

**ژمارە/ ١١**

**مێژووی بڕیار: ١٩٩٢/٨/٣١ ز.**

**٩ / گەلاوێژ / ٢٦٩٢ ك.**

## (( بـــڕیـــار ))

بەپێ ی حوكمەكانی برگە (١)ی مادده (٥٦)ی یاسای ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢....

ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٢/٨/٣١ دا بڕیاری دا:

**یەكەم:** لەسەر هەموو وەزاراتەكان و ئەو دەستانەی كە سەر بە هیچ وەزارەتێك نین لەو یاساو بڕیارو پێڕەوو ڕێنماییانە بكۆڵنەوە كە لە لایەن دەسەلاَتی حكومەتی ناوەندی یەوە دەرچوونەو ئەوانەیان لێ بژارەبكەن كە لەگەڵ بەرژەوەندی یەكانی گەلی كوردستاندا ناگونجێن و پێش چاو ئەنجوومەنی نیشتمانیی بخرێن تا بڕیار لەسەر ئەوانەیان بدات كە لەناو هەرێمەكەدا بەكاردەهێنرێن.

**دووەم:** كار بە ئەحكامی ئەو یاساو بڕیار و پێڕەوو ڕێنماییانە ناكرێت كە لەلایەن دەسەلاَتی حكومەتی ناوەندی یەوە دەرچوون یان لەمەودا دەردەچن بەتایبەتیش پاش كشانەوەی ئیدارە حكوومییەكان لە ١٩٩١/١٠/٢٣ لە هەرێمی كوردستان مەگەر ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بڕیار لەسەر ڕەوایی بەكارهێنانی لەناو هەرێمەكەدا بدات.

**سێ یەم:** ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستانی عێراق ئەبێ ئەم بڕیارە جێ بەجێ بكات.

لە ڕۆژی ٣١/ی ئابی ساڵی/ ١٩٩٢ ز بەرامبەر بە ٩/ی گەلاوێژی ٢٦٩٢ ك لە هەولێر نووسراوە.

**جوهر نامق سالم**

سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق

# پێڕست



| لاپەڕە | یاساکان |
|---|---|
| | دەسپێك |
| | ١-یاسای ژمارە (١)ی ساڵی٢٠٠٥ هەموارکراون<br>(یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق) |
| | ٢- یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٥<br>یاسای دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق |
| | ٣-بڕیاری ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٥<br>هەڵبژاردنی رێزدار مەسعود بارزانی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق |
| | ٤- بڕیاری ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٠٥<br>(بڕیاردان لەسەر پالاوتنی بەڕێز کۆسرەت رەسول عەلی بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق). |
| | ٥- یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٦<br>یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ |
| | ٦- یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٩<br>یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥هەموارکراو |
| | ٧- بڕیاری ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠٠٩<br>دانەوەی دەسەڵات بە سەرۆکی هەرێم بۆ دیاریکردنی کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان |
| | ٨- بڕیاری ژمارە (٥) ی ساڵی ٢٠٠٩<br>درێژکردنەوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێم تاکو هەڵبژاردنی سەرۆکێکی نوێ بۆ هەرێم و دەست بەکاربوونی |
| | ٩- یاسای ژمارە (١٣) ی ساڵی ٢٠١٠<br>یاسای مووچە و دەرماڵەی سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی |
| | ١٠- بڕیاری ژمارە (٥)ی رۆژی ٢٠١٢/٣/٢٩ پەرلەمان و فەرمانی هەرێمی ٦٤ ساڵی ٢٠١٢<br>دەستنیشانکردنی بەڕێز (کۆسرەت ڕەسول علی) بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان |
| | ١١. چەند ماددەیەك لە دەستووری کۆماری عێراق فیدراڵی یەکگرتوو |
| | ١٢. بڕیاری ژمارە (١١)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ساڵی ١٩٩٢. |